# ئه میر حاجی شیخ زانا و بانده ( شوجاعه که ی )!!



شه مال عادل سه لیم
www.sitecenter.dk/shamal

حوکمی میژوو سه خته و به زه یی به که سدا نایه ته وه ، چاو له هیچ زولم و سته میك ناپۆشیت ، بۆ نموونه دانپدانانه کانی گروپی ئه میر حاجی شیخ زاناو خۆی گوته نی بانده( شوجاعه که ی) له سه ربرین و وپارچه پارچه کردن و نیربازی و دەسگەمه و ده عوه ت کردنی یه کتر به گۆشتی قوربانیه کانی شاری هه ولیری خیرله خۆنه دیته ، شریت و به سه رهاتی پرله ژان و سوویێ بوو ،تالاوه که ی ،ژهره که ی، زه قنه بوته که ی به گەرووی هه موو مرۆڤیکی خاوه ن ویژدان کرا .........

ئه میر حاجی شیخ زانا و مولازم دلیری( شوجاع )و گوشت خۆره به دیۆم و دمۆره کانی دیکه له ده رگا یه کی قیزه وه ن و پۆخله وه وه خۆیان به دووتویی لاپەره کانی میژوودا کرد ، شیخ زانا یان باشتر وایه بلیم شیخ نه زان ئه و که سه نا شوجاعه له و راستیه گەیشتبوو ، ئه و کرده وه قیزه وه ن و وەحشیگەرانه و هاندان و له خشته بردنی که سانیك که له کۆمەلگا وه پەراویز کراون تا سه ر بر ناکات ! و رۆژیك دیت راستی بۆ ئه وانیش ده ر ده که ویت که شوینی که وتوون به لا م ئه وکات پەشیمانی تۆبه و گریان نه دادیان ده دات و نه له مه رگیش رزگاریان ده کات ......... .....

نایشارمه وه منیش وه ك زۆربه ی کوردستانیان زۆرم له خۆم کرد .... هه تا دانپدانانه کانی بانده ( شوجاعه که ی) ئه میر حاجی شیخ زانام گوێ لێ بوو! ودیمه مه نه ترسناك و وه حشیگەرانه کانیشم به چاوه کانی خۆم بینی که نه ته نیا سه یرکردنی فیلمه که بۆ ته مه نی ژیر هەژده سالی نه دەگونجا به لکو بۆ سه ره وه ی هه ژده و بیست و سي و چلیش نه دەگونجا .........

من ته عه جوب له وه ده رده برم که( 10 ) سالی ره به قه ئه میر حاجی شیخ زانا ی هۆمۆسیکسویل و بانده هه مه جه سادیسته که ی به ناوی جیهاد و زیکر و شه ریعه ت وخوا پەرستی گەنج و میردمندالی شاری هه ولیری بێ ناز و خیرله خۆنه دیته ته لقین ده دات و که وتۆته ته هاندان وله خشته بردنیان و خۆی له و تویژه نزیك کردۆته وه که به داخه وه پەراویز کراون و هیچ حیسابیکیان بۆ ناکرێ ..... که ئه ویش تویژی گەنجه! چونکه ( جه نابی شیخ زانا) پیی وایه گەر گەنج له زووه وه فشاری نه خریته سه ر و کۆنترۆل نه کریت به شیوازی جیا جیا ... دوایي فیری سه ربرین و پارچەپارچەکردن و هه تککردن و به( کاتم) کوشتن وبه عه سا لیدان و نیربازی نابیت !! ...... ئه میر حاجی شیخ زانا گەنجی پەروه رده کردوه و خه لکی پیگەیاندوه وله ریره وی راست دابیراندوون و هه مووکاریکی قیزه وه نیشی پێ ئه نجامداون و ئاینده یانی تیك شکاندوه و دوارۆژیانی لێ شیواندووه !

شیخ زانا به دوای گەنج گەراوه ..ئه میر زانا به دوای میرد مندالی بۆیاغجی ، عه لاگەفرۆش ، بنیشت فرۆش، سه یاره شۆر ، سوالکه ر، ده ست کورت و که م ده رامه ت گەراوه ....حاجی زانا خه لکی پیگەیاندوه ، ئاسایشی (شوجاعی) پەروه رده کردووه ! تاکو له ئاینده سوود به خش بن بۆ جیهاد و سه رپەلدان و خۆی گوته ن (دەسگەمه ) ! بۆ موحاره به ی کوفر و فه ساد!! .... زانای زۆرزان زۆ ر کاری ئه نجامداوه .... زۆر هه ولی داوه ... زۆر گەراوه و پاره و پولی به خشیوه و گەنجی کۆنترۆل کردووه ... ئه ما چ کۆنترۆلیك !! .. جه للادی دروست کردوه ..... دزو جه رده و ئه شقییای پەروه رده کردووه .... زانای هۆمۆسیکسوال به ته وازووه وه ده لێ :ـــ جه للاد پەیداکردن کاتی خۆی ده ویت ..... گوی بیستی زانا بن و بزانن چەنده دووربین وجه للادیکی زانایه و چون پره نسیپه ئیسلامیه کانیشی به قوربانی هه وا وهه وه سی هه مه جییه تی سا دیستانه ی خۆی کردووه ....... به چاوی خۆمان بینیمان .... به چاوی خۆتان بینیتان ......چۆن له گۆشەنیگای شه رانگیزی به عس و سیسته مه سه رکوتکه ره که ی و

داب و نه ریته سه له فییه کۆنه پەرسته کان کاری کردووه و تاوانه کانی شوجاعانه ئه نجامداوه زه و ی له ژیر پیی خه لکی بێ دیفاع له ت کردووه و ئاسمان و زه مینیانی لێ زه وت کردوه !!!
له وانه ش زیاتر ئه میر حاجی شیخ زانا ی سه ر مه ری زگ گورگ سنووری حه ره می مالی خودای به زاندووه له حوجره یه کی مالی خودا له بری زیکر و فیکر و نویژو رۆژو پارانه وه و نزا و تکا ..... کۆمه لیك ئاکارو هه لویست و دروشمی ناره واو نابه جیی به رزکردۆته وه و گەنجانی هانداوه و پەلکیشی ناو چوارچیوه یه کی قیزه وه نی کردوون ... و به مانشیته کانی جیهاد و ئیلحاد و کوفر و غه زا میشکیانی ئاوداوه و بیری ناسکیانی شیواندوه و وه ك رۆبۆرتیك به کاریانی هیناوه .... ئه میر حاجی شیخ زانا به ئه نجامدانی ئه م کاره قیزه وه نانه ی نه ته نیا سنووری حه ره می مالی خوای به زاندوه به لکو روخساری راسته قینه ی ئاینی ئیسلامیشی شیواندوه ..... مینبه ریکی قیزه وه نی له به رژه وه ندی فه لسه فه یه کی وه حشیگەرانه ی هیناوه ته ئاراوه و کاری له سه رکردووه ...

له م نووسینه مدا ئه ز چ ئیزافه یه کم بۆ سه ر نووسین و بۆچوون و دانپیدانانه کانی بانده تیرۆریسته که ی شیخ زانا نییه ... به قه د ئه وه ی بیدەنگی و بێ هه لویستی مامۆستایانی ئاینی چەند پرسیا ریکیان لا ورووژاندم که به هه قیقه ت له تاوا نه کانی شیخ و جه للا ده کانی سه یرو سه مه ره ترن...
ئه ویش:— بیدەنگ بوون و قورو قەپ لێ کردنی زانایان و مامۆستایان و مه لا و پیا وا نی ئاینیه له مه ر کاره قیزه وه نه کانی ئه میر حاجی شیخ زاناو بانده تیرۆریسته( شوجاعه که ی) له دوای دەسگیرکردنیان ..........

مامۆستایانی ئاینی .... زانایانی ئاینی ........ مه لا و فه قیکان ... خوتبه خوینه کان ....... بۆ بیدەنگن؟ بۆ بێ هه لویستن ؟ وابه ناوی پرەنسیپەکانی ئیسلام و ته ساموح و برایه تی تاوان ئه نجامده درێ وجگەرگوشه کانمان پارچەپارچەده کرین و به سه ره نیزه ده کوژرین وهه تك ده کرین .... مامۆستایانی ئاینی و مه لا و زانایانی هیژا .... ئیوه هه میشه بۆ گەلانی موسلمانان له خوا ده پارینه وه ودوعا بۆ موسلمانه کانی جیهان ده که ن و یه که به یه که ناویان ده به ن...... دا خۆ هۆیه کی تایبه تی هه یه تا باسی کوردی موسلمان و غه درلیکراو نه که ن له م ئاخیر زه مان و دنیا کاولبوونه دا ؟ کورد کین ؟ کوردیش موسلمانن .... موسلمان.....

بۆ ئه م کاره قیزه وه نه به فه رمی پرۆتستۆ ناکه ن ؟ بۆ ته کفیری ناکه ن ؟ کوا دەنگتان ؟ کوا رەنگتان ؟ کوا ناره زاییبونتان ؟ خۆتان ده لین ( من سکت عن الحق فهو شیطان اخرس ) .... بۆناچنه سه ر جاده کان ؟ بۆ ئه م کاره مه حکوم ناکه ن ؟ .... جه للا ده ( دمۆرو خوین ریژه کان) به ناوی ئیسلام خه لکیان هه تککردووه .... ( هۆمۆسیکسواله کان) له حوجره ی مزگەوته کان رەگییان داکوتاوه و له هه ناوی مزگەوته کان چەکه ره یان کردوه .... بۆ بیدەنگن؟ بۆ ؟ بۆ ؟ بۆ؟ پاکانه یان لێ ناکه ن ؟

ئاخۆ بلیی زه مانی غه زاو ئه نفالی شوومی به عس و فروشتنی شۆخه کیژو زارۆك و کوره لا وه کاکمان به سه ر نه چوبیت ؟ ئه و کات بیدەنگ بوون .... چونکه ده تانفه رموو سه دامی کوری سه بحه ی هه زارد میرد ( ظالم ) ه !! ئه ی ئیستا ؟؟ بۆ قسه ناکه ن ؟ که ی به سته له کی بیدەنگی ده شکینن ؟ کوا فه توایه ك بۆ شلقاندنی ئه م گۆمی بێ دەنگییه؟ ئاخۆ بیدەنگیتان نابیته هۆی شاردنه وه وپەرده پۆش کردن و ماکیاژ کردنی رووی قیزه وه نی ئه م قه سابخانه یه ؟ یان ........

ئیوه ش ئاسایش.... دامو ده زگا و موئه سه سا ته به رپرسه کان .... خه و خۆش و ئافه رم .... سه دجار ئافه رم ........ دوای زیاتر له 10 سالي ره به ق ئینجا بتوانن ئه و بانده خوینریژه دەسگیر بکه ن ..... 10 ساله ئه میر حاجی شیخ زانا وغه زاکه ره کانی خه لکی سه رده برن و سوکایه تی به حکوومه تی هه ریمی کوردستان ده که ن وهه ولیری خیرله خۆ نه دیته خه لتانی خوین ده که ن .... 10 ساله ئه میر حاجی شیخ زانای زۆرزان له نیو هه ناوی ئاسایش و داموده زگاکانی حکوومه تی هه ریم کارده کات بێ ئه وه ی که سیکتان هه ستي پی بکه ن !! ! باشه خۆ ده کرێ بپرسم ... ئه رێ ئیوه له کوێ خه وتبوون له و کاته ی ئه میر حاجی شیخ زانا و مناله کانی تا وانه کانیان ئه نجام ده دا ؟ له کوێ بوون و به دوای چی دەگەران؟

خه وخۆش ئاسایش و سه د جار ئافه رم ........ دیاره ئه و پروپاگەندانه ی که بۆ ئه م ده زگایه ئه کرا زۆر پروپوچ و بێ ناوه رۆك پێ له هه وادا بوون ...!

ئه ی ئیوه .... نووسه ران ........ رۆشنبیران ...... خه مخۆرانی گەله سته مدیده که مان ........ هه موو دلسۆزان و قه له مه به برشت و سه ربلنده کان ....... بۆ بیده نگن ؟ بۆ ؟

ئومیده وارم كه به زووترین كات جێ به جێ كه رانی ئه م كاره قیزه وه ن و وه وەحشیگەرانه دادگاییكرین و ببنه پەندو عیبره ت بۆ ئه وانه ی هه واو هه وه سی جیهاد و حورییه و سه ربرین و هه تككردن و پارچەپارچەكردن و نیربازی مه ستیان ده كات .... ئا ئه وجه للادانه ی به دوای كلا وی با بردوو كه وتوون .....

له كۆتایدا ئه وه نده ما وه بلیم پیویسته ده سه لاتی سیاسي له كوردستان به خۆی دا بچیتەوه و.... ریگا بدات به گەنجان بۆ مومارە سه كردنی خه ون خه یاله كانیان به شیوه یه كی سه ربه ست و ئازادانه ...... و چیدی سوكایه تیان پێ نه كریت و نه خرینه پەراویزه وه و حه زه كانیان كه بت نه كریت و روخساری راسته قینه یان پەردەپۆش نه كریت ... ئه گەر ئه و به خۆداچونه وه یه ش ته رجه مه نه كرێ بۆ مومارسه كردنیكی كاریگەر , كه بته كانی گه نج به شیوازه سه ره تاییه كانی خۆی ده مینیته وه و هه ستكردن به نامۆ بوون و تاوان له ناخی گەنج زیاتر ئاویته ده بێ و قه یران قه یرانی لێ ده كه ویته وه! چونكه هه روه ك ده زانین بیری گەنج وه كو گولیكی ناسكه و پیوستی به گەشانه وه و پەره پیدان هه یه نه ك ره ش كردنه وه و خستنه پەراویزه وه ........

تۆش ئه ی هه ولیری خیر له خۆنه دیته م خودا یارت بیت له م بێ كه سییه دا ............... !!!

- ده لین شیخ زانا سێ ( 3 ) جار زیاره تی حه جی كردووه !

جارێ ته واو
كوبنهاگن..... هه ولیر
19-07-2005